www.kurdistannet.org
4-6-2003 2:21

بە ناوی کوردستانی گەورە !

٢٠٠٣/٦/٣

# نامەیەك سەبارەت بە ئاڵتاش بۆ کاکە مەسعوود و مامە جەلال

ح. س. سۆران
soran909@hotmail. com

لەگەڵ ڕێزی بێپسانەوە بۆ ئێوەی ماندونەناس و خۆشەویست، نزیکەی چەند مانگێک دەبێ بە گەرمە باسی ئەوە هەیە، کە لە پاش رووخانی رێژیمی هەرە زوححاکی سەددام، هەزاران هەزار کورد، لەگەڵ ژن و منداڵ، لە کەمپی ئاڵتاشەوە، لە نزیکایی شاری بەغدا. بەرەو وڵاتی ئۆڕدۆن ئاوارە بوون و لە بارودۆخێکی یەکجار زۆر خراپدا دەژین.

برایەکی کوردیش بە ناوی کاک عارف باوەجانی، کەگۆیا بۆخوشی لە پێشدا لە کەمپی ئاڵتاش ئاوارە بوە، ئەم هەواڵەی بە تۆڕی ئینتێرنێتی کوردستان نێت، کە تۆڕێکی گرنگ و باوەڕپێکراوی کوردیە ڕاگەیاند و بە بە لگەو ناونیشانی سەڕاست، ئەوەی سەلماند، کە بە ڕواڵەت ئیدی گومانێک لە وەدا نیە کە ئەم هەواڵە ڕاستە و بێجگە لەوەی کە گۆیا سێزدەهەزار کەس ئێستا لە ئوروگای ئاڵتاش، بە چەشنێکی نالەبار و لەژێر قەمچی شێڤێنیستانەی ڕەگەزپەرستی هێندێکدا، بێ پەنا ماون و تەنانەت لێشیان کوژراوە، برێکی زۆریشیان لە بوشایی سنووری نێوان عێراق وئۆڕدۆن، بە چەشنێکی هەرە دڵتەزێن، بێ پەنا، سەرگەردان و ئاوارەن، کە تەنانەت لەبەر لێقەوماوی، ئاسمانیش بۆیان دەگری.

دەشزانین، کە ئەگەر ئەم لێقەوماوانە ترکی قیبرەس یا تورکمەنی عێراق بوایەن، ئێستا لە ئانکاڕاوە دڵی ئاڕکاداشەکان ببو بە خەڵووز بۆیان، ئەگەر عەرەب بوایەن، ئەم شەو سەرهەنگ قەددافی، بە پشتوێنەکەیەوە دەخەوت، ئەگەر جوولەکە بوایەن و بۆ فڕۆکەخانەی ئەنتەبە، فڕۆکەکەیان بدزیایە ئیدی بە قەولی کوردی هێستر بێنە و چەقالە بارکە.

جا، لەم بارودۆخە دڵۆاکێنەدا، کە هەر هومێد بە کوردە فریاین بکەوێ، نەک نا کورد و گۆیا ئەو لێقەوماوانە گرفتاری ڕامیاریشیان نیە، سەد میلیۆن چاوی پەنجا میلیۆن کورد، لە هەمو قوژبێکی جیهان چاوەڕوانی ئەوەن، ئێوەی ڕێبەر و دڵسۆزی کورد کارێکیان بۆ بکەن و لەو نیوە مەرگەساتە نەجاتیان بدەن، چون مێژو بە ئێمەی سەلماندوە، نابێ زۆر بە هیوای بێگانەبین.

دەشزانین گرفتو گیریتان یەکجار یەکجار زۆرە، بەڵام ئەمەش نیوە مەرگەساتێکی هەرە گرنگی نەتەوەییە، کە بێجگە لەوەی چارەسەرکردنی ئەم فاجیعەیە بە چەشنێک ئەرکی سەرشانی ئێوەی بەڕێز و هەمووومانە، لە لایەکی دیکەوەشەوە نەجات دانی ئەو خەڵکە بێ پەنایە، دەبێتە هۆی ڕووسوری و شانازی زۆرتری حکوومەتی هەرێمی کوردستان.

**دڵنیام ئەم خزمەتەی ئێوە، لە دەفتەری مێژوی پڕ کارە ساتی کورددا، بە جەوهەری شەرەف و شانازی دەنووسرێ و قەت ناسڕێتەوە. کاتیش زۆرناسک و کەمە !**

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیر و بۆ چونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.